کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 19:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەو ژنانەی ئەمرۆیان دروست کرد و شەهیدبوونیان مایەی ئەمەگناسی بوو بۆ گەلەکەیان!! ... شەهلا یارحسێنی**

ژنان لە مێژووی گەلەکەماندا هەردەم خەباتکاری و لێهاتوویی خۆیان نیشان داوە!



ژنانی کورد ژنانێک بوون کە لە کاتی تەنگانەدا هاوبیری و هاوڕێیەتی پێشمەرگەیان دەکردو بە بیرو باوەڕی پتەو و بەرزەوە لە پێناو ڕزگاری نیشتمانەکەیاندا هەوڵیان دەدا.
ئەو کاتەی ژنان لە خەبات بوون و کارو باری نهێنیان دەکرد و هەڵگری کۆڵە پشتی بوون، چاو نەترس و بە باوەڕ بوون.
هەر ئەو ژنانە بوون ئەمرۆیان دروست کردو سڵیان لە مەرگ نەدەکردەوە ڕۆحی خۆیانیان فیدای گەل و خاکەکەیان دەکرد! هەر ئەو ژنانەن کە ئێستاش لە خەباتدان و دەیانەوێت ژنان بگەیەننە ئەو ئاستەی کە ئیتر زوڵم و زۆر قبوڵ نەکەن!
چیدی کۆیلە نەبن و لە کۆشتن و لێدان ڕزگاریان بێت. بەڵام بە داخەوە تا ئێستا هیچ ڕاگەیەندراوێک و لایەنە حوکومییەکان بایەخیان بە کارو چالاکی ئەو ژنانە نەداوەو تا ئێستا بە شێوازێکی ئەوتۆ چاو لە ویستەکانیان ناکرێت.
زۆر دەڵێن ژنان بۆ خۆیان هەنگاو هەڵناگرن و کەمتەرخەمن لە کاری خۆیاندا بەڵام بە پێچەوانە، ژنان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوونە لە کاروچالاکیەکاندا بەشداربن! مەخابن پیاوان تا ئێستا ئەو مافەیان بە ژن ڕەوا نەبینیوە کە بتوانن لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بەشداربن! کە دەتەوێت لە کۆڕێکدا بەشدار بیت، یان ئەوەی کە لە کەناڵێکدا کۆڕێک بێت، ئەبینین ڕێژەیەکی زۆر کەم ژن لەوێ بەشدارن یان هەر بەشدار نین!
زۆر جار پیاوان بۆ خۆیان دێنە گفتگۆ وپرسیارکردن؟ بۆ ژنان نایەنە مەیدان؟ بەڵام بۆ جارێکیش تا ئێستا خۆیان وەڵامی خۆیان نادەنەوە کە هۆکارەکەی چییە و بۆ بەشدار نابن؟
ژنانی کورد هەردەم ڕوحم و خۆشەویستیان خەرمانێک بووە لە گوڵ لە بەرامبەر پیاوانی کوردا، بەڵام ئەتوانم بڵێم: خۆشەویستی پیاوان بۆ ژنانی ئێمە، خەرمانێک بووە لە دڕک!! بەڵی تەنها دڕک نیە خۆشەویستیەکیان، بگرە گوللە، بەرد و بلۆک یان ئەتوانم بڵێم چەقۆو هتد... ! بە باوەڕی هەر تاکێک، لەم سەردەمەدا سیستم، یاسا، کۆمەڵگا، جێگای گۆڕانن! بەڵام مەخابن کۆمەڵگای کوردی و یاساو سیستمەکەی زۆر لە سەرخۆ بەرەوپێش دەچێت و هەر ئەوەیە زوڵم زۆر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنێت!!
ژنانی ئەم سەردەمەش هەر لە هەوڵی ئەوەدان بۆ ئەوەی داهاتووی، واتە کچان و ژنانی پاش خۆیان بە ئاگا بێننەوە و کار بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژبەران بە مافی ژنان و کچانی کورد.
زۆرن ئەو ژنانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر دەکوژرێن و لە ناودەبرێن و لە ڕێگای مێدیاکانەوە دەکەونە بەردەست و دیدەی ئێمەی بینەر یان خوێنەر! کاتێک من خۆم وەک تاکێکی ژن، وەک ژنە کوردێک، ئەو شتانە بە چاوی خۆم دەبینم و دەخوێنمەوە، حاشا لە مرۆڤبوونی خۆم ئەکەمەوە! باشە بۆ دەبێت وابێت؟!!!
لێردا تەنها داوا لە ڕێکخراوە حیزبی و حکومیەکان دەکەم، بایەخ بە کار و تێکۆشانی ژنان بدەن و هەموو ئیمکاناتێک بخەنە گەڕ بۆیان و جیاوازی لە نێوان ژنان و پیاواندا نەهێڵرێت و هەموو تاکێکی کۆمەڵگای کوردی با لە هەموو خۆشی و جوانیەکی ئەم جیهانە بێبەش نەبن و با ئێمەش ئیدی وەک مرۆڤ بژین و پێکەوە بە پیاو و ژنمانەوە، کۆمەڵگایەکی ئازاد و وڵاتێکی ئاوەدان بۆ نەوەکانی داهاتوو بسازین!

شەهلا یارحسێنی
2007 .07 .19
درامن، نۆروێژ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.